# **داربەڕوو**

رێناس جاف

ڕۆژێک تەنیا

ڕێبواری ڕێگەی سووتان بووم

مەلێکی ڕەنجەڕۆی شاخ
و

بەندی دەواری گریان بووم.

ڕێگام بڕی، کەلار گەڕام

گۆپکەی دەرکرد

زاری هۆنراوەی  بەستراوم

هاتە بەرهەم چڵی درەختی تاساوم

زۆر شتم دی، دەمێک ڕامام

بەڵام بەژنی لاوازی

داربەڕووی

لاپاڵێکی نیشتمانم کەوتە بەرچاو.

بێ پێشەکی خۆم تێکەڵ کرد

بە لق لقی بە ساڵاچووی

ئەو شادارە

پڕ ئازارە

دڵ نازارە.

سەوزە گەڵای فرمێسکی ڕشت

خۆم ڕانەگرت، پرسیارم کرد:

ئەرێ هۆ مەشخەڵی بریان

سەرچاوەکەی سۆزی کوێستان

کام تەوری دژ، چاوی تاوان

بۆتی هانی بەرگی خەزان؟!

داربەڕوو وا هاتە وەڵام:

لەو ڕۆژەوەی

هەواری سووتان و گریان

خاک و خۆڵی گوند بە گوند
و

شار بە شاری نیشتمانی بەردە باران

بوو بە کێڵگە و گڵکۆی یاران

پەڕم نەما، سووتام، برژام

بۆیە وەها کز ئەنوێنێ

لق و باڵام، لق و باڵام.

سه رنجێ:
ئەم هۆنراوە بەرهەمی گە لێک ساڵان لەمەوبەرە
بە
دیار مە زاری کۆرپەلەییێکی هەڵەبجەییەوە نووسراوە.

Renas caf @yahoo .com